پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وازی لە هەندێک کردەوە دەهێنا لەکاتێکدا حەزی دەکرد ئەنجامی بدات، ئەمیش لە ترسی ئەوەی خەڵکیش لەوەیە ئەنجامی بدەن؛ بۆیە لەسەریان فەرز بکرێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وازی لە هەندێک کردەوە دەهێنا لەکاتێکدا حەزی دەکرد ئەنجامی بدات، ئەمیش لە ترسی ئەوەی خەڵکیش لەوەیە ئەنجامی بدەن؛ بۆیە لەسەریان فەرز بکرێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز نوێژی چێشتەنگاوی ئەنجام نەدەدا (بە بەردەوامی)، ومن ئەنجامی دەدەم (بە بەردەوامی)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وازی لە هەندێک کردەوە دەهێنا لەکاتێکدا حەزی دەکرد ئەنجامی بدات، ئەمیش لە ترسی ئەوەی خەڵکیش لەوەیە ئەنجامی بدەن؛ بۆیە لەسەریان فەرز بکرێت ئەمیش قورس وناڕەحەت دەبێت لەسەریان وناتوانن ئەنجامی بدەن، پاشان -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز نوێژی چێشتەنگاوی ئەنجام نەدەدا بە بەردەوامی؛ ئەمە ڕای زانایانە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە هەندێک کاتدا نوێژی چێشتەنگاوی ئەنجامدەدا بەهۆی فەزڵ وتایبەتمەندی وپاداشتەکەی، وهەندێک کات؛ ئەنجامی نەدەدا لە ترسی ئەوەی نەوەک لەسەر ئومەتەکەی فەرز بکرێت، هەروەکو عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسیکرد لە سەرەتای فەرموودەکەدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11282